سەدر: ئاوڕی دەنگ بەجێژنی غەدیر نەدات ئەوا ڕووبەڕووی پێغەمبەر و ئیمام عەلی دەبێتەوە

موقتەدا سەدر، ڕێبەری ڕەوتی نیشتمانی شیعەی داوا لەو پەرلەمانی عێراق دەکات، بەیاسا دەنگ لەسەر ڕێژی 18ی زیلحیجەی هەموو ساڵێك وەك پشووری فەرمی بۆ جەژنی غەدیر بدات.

هەروەها سەدر دووپاتیش دەکاتەوە، ئەگەر پەرلەمان ڕەوایەتی بەو داواکاریەیان بدات، ئەوا سوپاسی دەکەن، بەڵام ئەگەر دەنگی پێ نەدات، ئەوا ڕووبەڕووی پێغەمبەر و ئیمام عەلی دەبنەوە.

سەدر لەمیانەی وتارەکدا ڕاشیگەیاند، ئەگەر داوای ڕێژکی پشوو بکەین بۆ ڕێژی غەدیر، واتا ڕووبەڕووبوونەوەیەی بۆ بیری تایفەگەری و کاراکرنی پکەوەژیانی ئاشتیانەیە.

دەشڵێت: "جەژنی غەدیر وەسیەتی پێغەمبەرە بۆ عەلی کوڕی ئەبی تالب و ڕایگەیاندووە کە ڕێژی غەدیر ئاماژەیە بۆ خۆشەویستی پێغەمبەر بۆ ئیمام عەلی".

ڕێبەری ڕەوتی سەدر ڕوونیشیکردەوە، کاتێک مانگی ڕەمەزان و ڕۆژوو و عیبادەتی ئەو مانگە تەواو دەبێت، جەژنی ڕۆژووشکاندنی بەدوادا دێت، کاتێکیش حەج و فەریزەکانی حەجکردن تەواو دەبێت، جەژنێکی دیکەی بەدوادا دێت، ئەویش جەژنی قوربانە، جەژنی غەدیریش جەژنی تەواوکردنی ئایین و نیعمەتە، کەواتە کاتێک داوای ڕێژك پشوو بێ جەژنی غەدیر دەکەین، مەبەستمان بێ تەواوکردنی ئایین و نیعمەتە.

سەدر ئەوەشی خستەڕوو، لێرەدا پێویستە 18ی مانگی ژیلحیجە بکرێتە پشووی فەرمیی گشتی بێ هەموو موسڵمانان. جا ئەگەر پەرلەمان دەنگی لەسەر ئەو داواکاریەی گەل دا، ئەوا سوپاسی دەکەین، بەناوی ئەگەر دەنگیان پێ نەدا، ئەوا ڕووبەڕووی محەممەد و عەلی و سوننە و شیعە دەبنەوە.